# جادەکان ئەڵێی ریخۆڵەی بزنن. بەسە حاکمان  ئیتر مەدزن!

سەردار عەبدوڵلا

جادەکانمان ئەڵێی ریخۆڵەی بزنن.... لێپرسراوان وەک خەڵکی ناژین.. وڵات غەرقی فەسادی ئیدارییە...هتد ئەمانە ئەو ئیعترافە بچووکانەی یەکێتییە لە بەرنامەی رای گشتی شەوی ٢٠/١٩ ی ٩ ی ٢٠٠٥ لە کەناڵی کوردساتەوە!
وەک دەڵێن ئەم ماستەی کوردسات بەدیارییەوە دانیشتوە کە هەوێن بێت بێ موو نیە! ئەوان باش دەزانن کە خۆیان و وڵاتیان نوقمی فەسادی ئیداری و سەرگەردانی کردووە؛ دەزانن کە کەس نەماوە لە حەملەی تاڵان و بڕۆیی و داگیرکیرنی ماڵ و زەویی خەڵکی ئەوان ئاگادار نەبێت؛ چاک دەزانن کە جامی تووڕەیی خەڵکی لیوا و لێو لێیدەڕژێت و خەڵکی هاتوتە سەرجاددە لێیان! زۆر باش دەزانن و کاکی پێشکەشکەری بەرنامەکەی کوردساتیش ئەو ئیعترافە دەکات: کە ئیتر ئەفسانەی( حکوماتی ساوا) کەس بە فلسێکی قەڵب نایکڕێت و دەوری بەسەر چوو! بەڵام بۆ رووسپی کردنەوەی دەستەڵاتەکەیان و خۆڵکردنە چاوی خەڵکی کەوتوونەتە سازدانی بەرنامەی لەم چەشنە. هەروەها یەکێک لە ئامانجەکانی تری ئەم بەرنامەیە فەزڵ فرۆشتنە بەسەر خەڵکیدا کە ئەوان لایەنگری دیموکراتین و رەخنە لە خۆیان دەگرن و میکرۆفۆنیش ئازادانە دەدەنە دەست خەڵکی تاکوو رەخنەیان لێبگرێت! دەبوو پێش سازدانی ئەو بەرنامەییە ئەو پرسیارەیان لە خۆیان بکردایە: گەر عەیاری دیموکریتی ئەوان لە ٢٤ تێپەری کردووە؛ بۆچی دوای هەموو خەڵی لەسەر ئەو مەسەلانە هاتنە قسە! بۆچی جورئەتیان نەکرد و گۆشەیەکی بچووکی ئەو ناڕەزایەتیانە لە تێڤێ کەیان نیشان بدەن؛ بۆ چی رایەکی ئەو خەڵکە و نوێنەرەکانیان وەرنەگرت؟!
ئەم ئیعترافە بچووکانەی رای گشتی چەندە لەگەڵ قسەکەی جەلال تاڵەبانی،دێتەوە کە گوایە رۆژنامە نووسێک کە سەردانی کوردستانی کردووە و تەنیا جیاوازییەک کە شکی بردووە لە نیوان سلیمانی و ئەورووپادا: ئەوە بووە کە لە سلێمانی خەڵکی بە کوردی قسە دەکەن!
رای گشتی، سەرەڕای ئیعترافەکانی کە بە ناچاری دەیکات؛ بەگێک دادەنێ و دەکەوێتە هەڵدان بەباڵای دیموکراتی حکومەتەکەیی وتاوانەکە دەخاتە ملی مەقاول، کەسانی هەلپەرست و نەزان، و زۆر بە ناچاری هاتنە سەرجاددەی خەڵکی بە جۆرێک بە بەرهەق لە قەڵەم دەدات! گەر دەتان زانی ئەم داوایەی خەڵکی بەر هەقە؛ بۆچی تەواوی داواکارییەکانی ئەو خەڵکەتان بە دەستڕێژی پۆلیس و ئاسایشەکەتان وەڵام دایەوە، گەر داوای ئەو خەڵکەتان بە بەرهەق دەزانی بۆچی ئیمزای حیزبە مووچەخۆرەکانی ژێر باڵتان کۆکردەوە لە دژی جەماوەری کەلار و خۆپێشاندانەکەتان بە نا دیمووکراتی و گێرەشێوێنی دایە قەڵەم؟
گەر بەلای رای گشتییەوە؛ یەکێتی و حکوموتەکەی باشن، باشترە ئەم پرسیارە لە خۆیان بکەن: حیزبێک دەکرێت باش بێت، کام یەک لە دەستەڵاتدارەکانی دەگریت کە بربڕەی پشتی حیزبەکەی پێکهێنابێ؛ کە سەرمایەکی گەورەی مۆڵ نەدابێت (مەلەفەکانیشیان لەولاوە بووەستێت)؟ کەس هەیە تەنانەت بزانێت مووچە و دەخلی سکرتێری گشتی و مەسوولە گەورەکانی بزانێت؟ هەرگیز بووە قوماشێکی باشت لە خورییەکی خراپ و بێکەڵک چنگ بکەوێت؟!
کوردستان بۆ دەستەڵاتدارانی یەکێتی و پارتی ئەورووپا و جەننەتول مەئوایە، بەڵام بۆ خەڵکانی گەڕەکەکانی کانی سپیکە و قالاوە و ئابلاخ، شوێنێکی ترە کە ئینسان شەرم دەیگرێت بڵێ لەو شوێنە دەژیم!
لە راستیدا، قسە لەسەر ئەم مۆدێلە عەجیبەی دیموکراتی بۆ تاڵان و بڕۆیی زۆرە، ئەوەندە ماوە کە روویەک لە خۆیی و رای گشتییەکەی وەرگێرین و روو لەو خەڵکە بەشمەینەتە بکەین و

بڵێین: نانی دەمی منداڵەکانتان لە دەمی ئەو شێرەدایە کە هەر رۆژەی بە بیانووی لە جەشنی سەری بەرز بۆ مووچە نەوی مەکەن، حکوومەتەکەمان ساوایە، با هەڵبژاردن بکرێت و با دەستوور دابنرێت؛ لووش دەدرێت، گرێنتی بەدەستهێنانی داواکانتان سەرجاددەکان و هەڵبڕینی دەنگی بەر هەقتانە! هەر کاتێکیش دەنگتان راسا و بەرزتربێت؛ کوردسات بەرنامەی رای گشتییەکەی ناچارەبە شێوەیەکی دیموکراتیانە قسەیەکی خۆشتان لەسەر بکات!

١٩/٢٠ ی ٩ ی ٢٠٠٥